EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ

# پەرەپێدانی خانووبەرە لە عێراقدا:
## ئاستەنگ و هەلەکانی وەبەرهێنان



**ئامادەکردنی**
تیمی توێژەرانی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات

**بە سەرپەرشتیی**
د. ئیبراهیم ئەدیب ئیبراهیم
گەورەتوێژەرانی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات

**بڵاوبوونەوە**
تشرینی دووەم 2022

# پەرەپێدانی خانووبەرە لە عێراقدا:
## ئاستەنگ و هەلەکانی وەبەرهێنان

# ناوەڕۆک


| تەوەرەکان | لاپەڕەکە |
|---|---|
| پێشەکی | 04 |
| یەکەم: یاسای وەبەرهێنانی ساڵی 2006 | 05 |
| دووەم: بەرنامەی نیشتەجێکردن | 07 |
| ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە هەر پارێزگایەک | 10 |
| هەلی بەردەستی وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێکردندا | 11 |
| سێیەم: پێدانی قەرزی نیشەجێکردن | 13 |

## پێشەکی

سەرباری گرنگیی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە عێراق لە قەبارەی وەبەرهێنان و ژمارەی وەبەرهێنەران و قەبارەی قازانجەکان، داتا فەرمییە تایبەتەکانی بازاڕی وەبەرهێنان نیمچە نەبوون (نزیکە لە نەبوون). کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە کە لە بازاڕی کاخەزە داراییەکان تۆمار کراون، زۆر سنووردارن و نوینەرایەتیی ڕاستەقینەی بازاڕی وەبەرهێنان ناکەن کە لەلایەن نووسینگە و ناوەندە بازرگانییەکانەوە بەڕێوەدەچن.

گرنگیی وەبەرهێنانی خانووبەرە پەیوەندییەکی بەهێزی بە قەیرانی خنکێنەری نیشتەجێبوونەوە هەیە کە وڵات پێییەوە گرفتارە؛ ئەوەش بەراورد بە وڵاتانی دیکەی جیهان لە بەرزبوونەوەی زۆری نرخی خانووبەرەدا دەردەکەوێ. نالەباریی زەوییەکان، دابەزینی خزمەتگوزاری و ژێرخانی ئابووری، بووەتە هۆکاری کۆمەڵێک کێشە لە کەرتی خانووبەرەدا، وەکوو بڵاوبوونەوەی هەڕەمەکیی و قەرەباڵغی و تێکچوونی دۆخی دەستپێوەگرتنی زەوی. لەو ماوانەی دواییدا کەمیی شوێنی نیشتەجێبوون بە ٣-٤ ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون لە عێراقدا دەخەمڵێنرێت. کورتهێنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون بە چڕی لە پارێزگاکانی بەغدا و نەینەوا و بەسرا و کەرکوک و بابل بوونیان هەیە. هەرچی یەکەی نیشتەجێبوونە لە پارێزگا زیانبەرکەوتووەکان لە دەرئەنجامی هێرشی تیرۆریستی و پرۆسەی ئازادکردنیان، دەگاتە ٥٨١٦٧ یەکەی نیشتەجێبوون، ئەوەش بەپێی ڕووپێویی هەڵسەنگاندنی زیانەکان لە ساڵی ٢٠١٧. لەو چوارچێوەیەدا زیانلێکەوتووترین پارێزگا نەینەوایە بە ڕێژەی ٦٢٪، دواتر پارێزگای ئەنبار بە ڕێژەی ٢٠٪ کە دواتر پارێزگاکانی سەلاحەدین و کەرکوک و دیالە و بابل و بەغدا دێن. پێویستە کاری لەپێشینەی پلاندانانی چارەسەرکردنی کێشەی کورتهێنانی یەکەی نیشتەجێبوون لە پلەی یەکەمدا بۆ (بەغدا، نەینەوا، بەسرا، کەرکوک، بابل) بێت، لە ڕووی پرۆژەکانی نیشتەجێکردن و ڕێنماییەکانی جیاکردنەوەی زەوییەکانی نیشتەجێبوون. دواتر لە پلە دوودا پارێزگاکانی (زیقار و ئەنبار و سەلاحەدین و دیالە و نەجەف)، دواتریش لە پلە سێدا پارێزگاکانی (واست، کەربەلا، قادسیە، میسان، موسەننا) بێن.

کەرتی نیشتەجێبوون لە عێراقدا چەند گرفتێکی هەیە، لەوانەش:

١- خستنەڕووی نیشتەجێبوون، پێویستییەکانی دانیشتوان پڕناکاتەوە.
٢- کەمیی زەوییە تایبەتەکان بۆ وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون.
٣- کەمی سەرچاوە داراییەکان بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون.
٤- ژێرخانی ئابووریی ئێستا لەگەڵ پێویستییە هەنووکەییەکان یەکناگرێتەوە.
٥- زۆربەی ئەو شوێنە نیشتەجێبوونانەی هەن پێویستیان بە چاککردن و نۆژەنکردنەوەیە.
٦- نرخی کەرەستەکانی دروستکردنی بیناسازی گرانە.
٧- بڵاوبوونەوەی هەرەمەکییانەی بیناسازی.

لە دەرئەنجامی ئەو کێشانەدا، وڵات گرفتاری کەموکورتییەکی زۆری یەکەکانی نیشتەجێبوون بووەتەوە. هەروەکوو چۆن کێشەکان لەڕووی گرنگییەوە لەو خاڵانەدا دیاری کران، بۆ سووککردنی ئەو کێشانە، پێنج بنەما بۆ سیاسەتی نیشتەجێکردن پێشنیاز دەکرێت:

١- دیاریکردنی ڕۆڵی کەرتی گشتی وەکو هەڵگری بەرپرسیارەتی لە سەرپەرشتیکردن و دانانی بنەماکانی ئاراستەکردن و سیاسەتە سەرەکییەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ ئەو خێزانانەی کە داهاتی سنوورداریان هەیە.
٢- هاندانی کەرتی تایبەت لە پێهەستان بە ڕۆڵی سەرەکی لە وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون.
٣- هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکان و دوورکەوتنەوە لە ناوەندییەتی لە دانانی پلان و بڕیاردان، بۆ ئاسانکاریی گەشەی کەرتی نیشتەجێکردن.
٤- فەراهەمکردنی سەرچاوە داراییە پێویستەکان.
٥- پشتبەستن بە ڕێگە داهێنەرە نوێیەکان بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی شوێنەکانی نیشتەجێبوون.

لە دەستپێکی ئەو ئاراستانەدا، حکومەت کۆمەڵێک بڕیاری دەرکردووە، بۆ کۆمەڵێک ڕێوشوێن کە هاوکاریی کاراکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە بواری وەبەرهێنان لە پەرەپێدانی خانووبەرەدا دەکات، گرنگترینیان:

١- دەرکردنی یاسای نوێی وەبەرهێنان.

٢- دەرکردنی دەستپێشخەریی درووستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوونی.

٣- پێدانی قەرزی نیشتەجێکردن.

## یەکەم: یاسای وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠٠٦

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە عێراقدا، یاسایەکی دەرکردووە و لە ڕێکەوتی ١٧ی ١ی ٢٠٠٧ لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی بڵاوبووەتەوە، تێیدا دەستەبەری خواستەکانی وەبەرهێنی عێراقی و بیانی بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کراوە کە مافی خاوەندارییەتی زەوی هەیە کە خۆی و خاوەن زەوییەکە ڕێکدەکەون بەبێ ئەوەی مامەڵە بە زەوییەکەوە بکەن، بەپێی ئەو ڕێکخستن و بنەمایانەی دەستەی نیشتمانیی وەبەرهێنان بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران دایدەنێت و دەستەی دابینکردنی زەوییە پێویستەکان بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێکردن ئاسانکاری دەکات و یەکەکانی نیشتەجێبوونیش دوای تەواوبوونی پڕۆژەکە بۆ عێراقییەکان دەکرێنە موڵک و بە خاوەن دەکرێن.

**هەروەکوو یاساکە ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی وەبەرهێنی دەستەبەر کردووە:**

**یەکەم**: دەرهێنانی ئەو سەرمایەی کە هاتووەتە عێراق و داهاتەکانی بەپێی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی بانکی ناوەندیی عێراق بە دراوێک کە شیاوی گۆڕینەوە بێت، پاش دانی پابەندییەکان و هەموو قەرزەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی و لایەنەکانی دیکە.



**دووەم**: هاندانی وەبەرهێنی بیانی:

ا- دەستاودەستکردن لە بازاڕی عێراقدا بۆ کاخەزە داراییەکان بەو پشک و سەنەدانەی تێیدا ڕیزبەند کراون.

ب- پێکهێنانی پارێزەری وەبەرهێنان (Investment Portfolio) لە پشک و سەنەدەکان.

**سێیەم**: بەکرێدانی زەوییەکان کە پێویستە بۆ پڕۆژەکان، یان پێدانی کاتەکیی زەوی (مساتحە) بۆ ماوەیەک کە بەپێی پڕۆژەی وەبەرهێنانەکە پێویستە بەشێوەیەک لە پەنجا ساڵ زیاتر نەبێت و بشتوانرێ بە ڕەزامەندیی دەستە نوێ بکرێتەوە. لێرەدا ماوەکەی بەپێی سرووشتی پڕۆژەکە و دەرئەنجامە ئابوورییەکەی بۆ وڵات لەبەرچاو دەگیرێت.

**چوارەم**: بیمەکردن (تأمین) لەسەر پڕۆژەی وەبەرهێنان لەگەڵ هەر کۆمپانیایەکی بیمەی نیشتمانی یان بیانی کە بە گونجاوی دەزانێت.

**پێنجەم**: کردنەوەی هەژمارەکان بۆ پڕۆژە ڕێپێدراوەکان بە دراوی عێراقی یان بیانی یان هەردووکیان لە یەکێک لە بانکە عێراقییەکان یان دەرەوە.

لە یاساکەدا ئەو خاڵانەش بۆ وەبەرهێنی بیانی دەستەبەر کراون:

١- مافی بەگەڕخستن و پێدانی کار بۆ کرێکارانی ناعێراقی لە کاتێکدا کە توانای پێویست لەبەردەست نەبێت بۆ کارکردنی کرێکاری عێرافی کە توانا و شیاویی پێویستیان هەبێت بۆ هەستان بە هەمان ئەرک بەپێی بنەماکان کە لەلایەن دەستەوە دەردەچێت.

٢- مافی مانەوە لە عێراقدا و ئاسانکاریی هاتن و ڕۆیشتنی بۆ ناوەوە و دەرەوەی عێراق.

٣- دەستبەسەردانەگرتن یان خۆماڵیکردنی پڕۆژەی وەبەرهێنان کە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەشێوەی گشتی یان بەشەکی دەیگرێتەوە، بەدەر لەوانەی بەپێی یاسا و فرمانی دادوەری دەستی بەسەردا دەگیرێت.

٤- کرێکارە تەکنیکی و کارگێڕییەکانی پرۆژە کە عێراقی نین، دەتوانن مووچە و قەرەبووەکانیان بۆ دەرەوەی عێراق بگوازنەوە، بەپێی یاسا و دوای بەجێگەیاندنی پابەندییەکان و قەرزەکانیان بەرانبەر بە حکومەتی عێراق و لایەنەکانی دیکە.

هەروەها یاسا ئەم پابەندییانەی لەسەر وەبەرهێن سەپاندووە:

**یەکەم**: ئاگادارکردنەوەی دەستەی نیشتمانیی وەبەرهێنان یان دەستەی هەرێم یان پارێزگا بەپێی بارودۆخ و بە نووسراو دوای کۆتاییهێنان بە ئامادەکردنی سامانی پێویست بۆ پرۆژەکە و ڕێکەوتی دەستپێکردنی کارە بازرگانییەکە.

**دووەم**: تۆماربەندی و ڕێکخستنی ژمێریاریی بنەڕەتی کە لەلایەن ژمێریارێکی یاسایی ڕێگەپێدراو بەپێی یاسا وردبینی تێدا بکرێت.

سێیەم: پێشکەشکردنی توێژینەوەی ئیمکانی ئابووری (الجدوى الاقتصادى) و تەکنیکی و هەر زانیاری و داتایەک یان بەڵگەنامەیەک کە دەستە یان دامودەزگاکانی دیکەی تایبەتمەند داوای دەکەن، پەیوەست بە بودجەی پڕۆژە و ئەو پێشکەوتنانەی تێیدا بەدەستهاتوون.

**چوارەم**: تۆماربەندی (مسک سجلات)ی تایبەت بە کەرەستە هاوردەکراوەکان بۆ پڕۆژە و بەخشینەکان لە رسوماتەکان، بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە لەگەڵ دیاریکردنی ماوەی بەسەرچوونی ئەو کەرستانە.

**پێنجەم**: پاراستنی سەلامەتیی ژینگە و پابەندبوون سیستەمی کارپێکراوی کۆنتڕۆڵی جۆری کە لە عێراقدا هەیە و بە پێی سیستەمی پشتپێبەستراوی جیهانی لەو بوارەدا، بەپێی یاساکانی پەیوەست بە ئاسایش و تەندرووستی و سیستەمی گشتی و بەهاکانی کۆمەڵگەی عێراقی.

**شەشەم**: پابەندبوون بە یاسا عێراقییە بەرکارەکان لە بواری مووچە و مۆڵەت و کاتژمێری کار و بارودۆخی کار و هتد بەلانی کەمەوە.

**حەوتەم**: پابەندبوون بە هاوتاکردنی خشتەی پێشکەوتنی کار کە لەلایەن وەبەرهێنەرەوە پێشکەش دەکرێ بە مەرجێک جیاوازیی کاتەکە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت، لەسەر دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانیش پێویستە مەرجە سزاییەکان دیارییکات لە حاڵەتی زێدەڕۆیی لەو شەش مانگەدا، هەروەک چۆن دەتوانێت مۆڵەتیشی لێ وەرگرێتەوە.

**هەشتەم**: ڕاهێنانی کرێکارانی عێراقی و شیاندن و بەرزکردنەوەی لێهاتوویان و تواناکانیان. لەپێشینەی کار و بەگەڕخستنیش دەبێت بۆ کرێکاری عێراقی بێت.

هەروەها ئەم یاسایە کۆمەڵێک لێخۆشبوون بە وەبەرهێن دەبەخشێت، وەک:

بەخشین لە باج و رسومات بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە مێژووی دەستپێکردنی کارە بازرگانییەکەوە بەپێی گەشەپێدانی ناوچەکە کە ئەنجوومەنی وەزیران بە پێشنیاری دەستەی نیشتمانی بۆ وەبەرهێنان بەپێی پلەی پەرەپێدانی ئابووری لە ناوچەکەدا و سرووشتی پڕۆژە وەبەرهێنییەکە دیاریدەکەن. لەگەڵ ڕەخساندنی هەلی بەخشینی دیکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی یان هاندان و دەستەبەری یان هی تر بۆ هەر پڕۆژە و کەرتێک یان ناوچەیەک یان ماوەی پڕۆژەکە کە بەپێی سرووشتی چالاکییەکە و پێگە جوگرافییەکەی گونجاوە. هەروەها توانای بەشداریکردنی لە بەگەڕخستنی دەستی کار و پاڵپێوەنانی ڕەوڕەوی گەشەپێدانی ئابووری.

هەروەها دەستەی وەبەرهێنان بۆی هەیە ساڵەکانی بەخشین بۆ باج و رسوماتەکان درێژ بکاتەوە بەشێوەی ڕیزبەندی لەگەڵ زیادکردنی ئاستی بەشداریی وەبەرهێنی عێراقی لە پڕۆژەدا بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٠٪. هەروەها جۆرە بەخشینێکی دیکەش هەیە لەسەر سامانی هاوردەکراو بۆ مەبەستی پڕۆژەی وەبەرهینانەکە لەڕووی ڕسووماتەوە کاتێک دەهێنرێتە ناو عێراقەوە لە ماوەی سێ ساڵدا دوای ڕێکەوتی بەخشینی مۆڵەتی وەبەرهێنانەکە. یان بەخشین لەو سامانە هاوردەکراوەی کە بۆ فراوانکردنی پڕۆژەکە و پەرەپێدانی یان نوێکردنەوەی پێویستە لەو رسووماتەی دانراوە بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی زیادکردنی توانای نەخەشەدانان کە لە سێ ساڵدا لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی دەستە بهێنرێتە ناوەوە.

هەروەها بەخشین لە رسومات بۆ پارچە یەدەگە هاوردەکراوەکان بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە کە نرخی ئەو پارچانە لە ٢٠٪ی نرخی کڕینی سامانەکە زیاتر نەبێت، بەمەرجێک وەبەرهێن جگە لەو مەبەستەی ئەو کاڵایانەی بۆ هێناوە، لە شتێکی دیکەدا بەکاریاننەهێنێت. هەروەها پڕۆژەکانی وەکو هۆتێل و ناوەندە گەشتوگوزارییەکان و نەخۆشخانەکان و دامەزراوە تەندرووستییەکان و ناوەندەکانی شیاندن و ناوەندە پەروەردەیی و زانستییەکان لە رسوماتی هاوردەکردنی کەلوپەل و رایەخ و پێداویستییەکان بەخشراون، بە مەبەستی نوێکردنەوە لانیکەم چوار ساڵ جارێک بە مەرجێک بهێنرێنە ناو عێراق و بۆ پڕۆژەکە بەکاربهێنرین لە ماوەی ٣ ساڵ لە رێکەوتی دەرکردنی بڕیاری دەستە بە ڕەزامەندیدان لەسەر لیستی هاوردەکان و بڕەکانیان، بە مەرجێک جگە لە مەبەستی پڕۆژەکە بۆ شتی دیکە بەکارنەهێنرێن.

## دووەم: بەرنامەی نیشتەجێکردن

دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی ڕایگەیاندووە «بەرنامەیەکی بۆ نیشتەجێکردن دەستپێکردووە بۆ بوناتینانی نزیکەی ملیۆنێک یەکەی نیشتەجێبوون لە ١٥ پارێزگای عێراقدا (بەدەر لە هەرێمی کوردستان)، کە براوی پڕۆژە، زەوی و مۆڵەتی پێدەدرێت (هەردووکیان بە مەرج)، بۆ بونیاتنانی ژمارەی پێویستی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە پڕۆژەکەدا و ئەو ژێرخانەی کە شیاوە.»

دەستە پێشینەیی بەو وەبەرهێنانە دەبەخشێت کە تەکنیکی نوێ بەکاردەهێنن کە هۆکارێکە بۆ تەواوکردنی یەکەکان بەشێوەیەکی کارا و کەمی تێچوون و کات. دوای تەواوبوونی یەکەکانی نیشتەجێبوونیش گەشەپێدەر یەکەکانی نیشتەجێبوون بە خەڵک دەفرۆشێ. دەستە سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی بەرنامەی نیشتەجێکردن لە تەواوی عێراقدا دەکات لە میانی هەماهەنگی بە قۆناغە جیاجیاکان، ئەوەش دەبێتە هۆی بەخشینی زەوی بۆ گەشەپێدەران. هەروەک دەستە هەڵدەستێت بە هەماهەنگیی پەیوەندی لەنێوان وەبەرهێن و گەشەپێدەر و وەزارەتە گونجاوەکان، بەتایبەت وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، وەزارەتی شارەوانی، دەسەڵاتی پارێزگاکان، بۆ دەستەبەری ڕێخۆشکردنی پرۆسەی گەشەپێدان و ئاسانکاریی چالاکییەکانی گەشەپێدەران.

کۆمەڵێک بانکی عێراقی (بانکی عێراقی بۆ بازرگانی، رافیدەین، رەشید) بە سەرکردایەتی و ئیدارەدانی ڕێککەوتنە داراییە تایبەتەکانی ئەو بەرنامەیە هەڵدەستن. هەروەکو چۆن بە هەماهەنگیی بڕە داراییەکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی فرەجۆر لە عێراقدا هەڵدەستن.

بەرنامەکە بەم خەسڵەتانە جیادەکرێتەوە:

١- بەرنامەکە زنجیرەیەک گەشەپێدانی بەدوای یەکدا هاتووە، هەر ١٥ پارێزگای عێراق دەگرێتەوە. کە بونیاتنانی پڕۆژەکە دەگاتە نزیکەی ملیۆنێک یەکەی نیشتەجێبوون.

٢- پێویستە یەکەکانی نیشتەجێبوون ملکەچی پێوەرە سەرەکییە دیاریکراوەکان بن لە ڕووی قەبارە و نەخشەسازی و توانا و کەرەستە بەکارهاتووەکان. وە گەر کەموکورتی لە نیشتەجێکردن لە زەویی بەردەست و ژینگەی شارستانییانەدا ڕوویدات، پێویستە یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر شێوەی شوقە (پشتبەست بە پێویستییە خۆجێییەکان و پێویستییەکانی بازاڕی ناوچەیی) دروستبکرێن، بەشێوەیەک ڕووبەری هەر شوقەیەک لەنێوان ١٠٠-١٤٠ م٢ بێت (لانیکەم لە سێ ژووری نوستن و ژووری میوان و گەرماو و چێشتخانە و کۆگا) پێکبێت. لەسەر وەبەرهێن و گەشەپێدەرانیش پێویستە دەرک بەوە بکەن ئەو شوقانە لەوانەیە پێویستیان بە سەرخەر (مەسعەد) هەبێت.

سەبارەت بە ناوچەکانی دەرەوەی شارە سەرەکییەکان، یەکەکانی نیشتەجێبوون لە ناوچە دەشتەکییەکان بچووکتر بن لە ڕووی ڕووبەرەوە، لەگەڵ هەمان ڕووبەری شوقەکان، وە دەستە پێشوازی لە نەخشەسازیی داهێنەرانە دەکات، لە میانیدا دەستکاریکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان بە ئامانجی فەراهەمکردنی زیاتری ڕێکخستن و پەرەپێدانی ئەوپەڕی.

٣- دەستە پێشنیاری کردووە نابێت نرخی فرۆشتنی هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە ٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی زیاتر بێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی نرخی یەکەی نیشتەجێبوون لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا لەو نرخە کەمترە.

٤- هەروەها بەرنامەکە دوو بژاردە دەخاتە بەردەم کڕیار:

- قیستی یەکەمی بە ڕێژەی ٢٥٪ لە نرخی کڕین بدات، کاتێک گرێبەستەکە ئیمزا دەکات بە دەستەبەری کۆمەڵێک مەسرەفی تایبەتمەندەوە. هەروەها کڕیار لە پارەدانێکی دیکەدا ١٠٪ی نرخی کڕینەکە لە کاتی وەرگرتنی یەکەکە بدات، ئەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە لە ماوەی دە ساڵدا بدات.
- کڕیار قیستی یەکەمی بە ڕێژەی ٢٥٪ لە نرخی کڕین لە کاتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکەدا بدات، بە دەستەبەری کۆمەڵێک مەسرەفی پەیوەندیدار، هەروەها لە کاتی ڕادەستکردنی یەکە نیشتەجێبوونەکە ٧٪ لە نرخی کڕینی یەکەکە بدات. ئەوەی دەمێننتەوە لە ماوەی دە ساڵدا بدات. وە دەبێت مانگانە بارمتەیەک دابنێت وەکوو تەئمین. ئەو بژاردەیە لە بڕێکی مانگانە پێکدێت و کاتێک کاتی رەهنەکەی تەواو بوو، پارە زۆرەکە دەدات. (کە دەتوانرێت دووبارە بدرێتەوە).

٥- هاوکات لەگەڵ کڕینی خانووبەرە، لەسەر کڕیار پێویستە گرێبەستی چاککردنەوە (صیانە) بۆ ناوچە هاوبەشەکان لە پڕۆژەی پەرەپێدان بکات (سەیری بەرنامەی چاککردنەوە لە خوارەوە بکە).

٦- کۆمپانیا، بەڵگەنامەکان بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستە و دەستە دامەزراوە پشتیوانەکانی دیکە لە ماوەی دوو هەفتەدا بەردەست دەخات:

- نەخشەسازییەکی خەیاڵی بۆ شاری نیشتەجێبوونی ئابووری کە شیاوی دەستکاریکردن لە هەر پارچە زەوییەکدا بێت (پێنج جیاوازی بەلانی کەم) و پێوەرە گشتییەکانی نەخشەسازی.
- باسکردنی پلانی کارنامە و خشتەی زەمەنی بۆ مەبەستی هەستان بەو ئەرکە لە ماوەی دوو ساڵ.
- باسکردنی ئەو خزمەتگوزاری و ئاسانکارییانەی کە کۆمپانیا پێشکەشی دەکات.
- ژمارەی ئاستەکانی بەگەڕخستنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کرێکاران لە میانی قۆناغەکانی دروستکردن و کارپێکردن.
- هەڵسەنگاندنی گەشەی پێشبینیکراو بۆ کارەکای پێشووتر و کارە نوێیەکان وەک دەرئەنجامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ کار و پەرەپێدانە سەرەکییەکانی دیکە و زیادکردنی بەرهەم لە چالاکیی ئابووریی خۆجێیی و زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان.
- نامەیەکی بانکی کە لەلایەن دەستەوە پەسند کرابێت پێشکەش بە بانکی پشتپێبەستراو دەکرێت بۆ ئامادەییان لە پارەدارکردنی پڕۆژە (٧٥٪ لە تێچوونی هەموو پڕۆژەکە).
- لیستی ناو و کورتەیەک لەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کار لەسەر ئەرکەکە دەکەن.
- کارەکانی پێشووتری ئەو کۆمپانیایانەی بەشداری پڕۆژەکە دەکەن.

٧- کۆمپانیا یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ داهات سنووردار و مامناوەندەکان لەو پارێزگایانە دروستدەکات کە لەسەری ڕێککەوتن کراوە.

٨- دەستە بۆ هەر مەتر چوارگۆشەیەک ٥٠٠ دۆلار زیاتر ناداتە کۆمپانیا بۆ هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون، ئەوەش واتا بۆ هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون کە ڕووبەرەکەی دەگاتە ١٠٠م٢ بڕەکەی لە ٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی زیاتر نابێت (بە هەموو کارەکانی ژێرخان لە هەر کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبووندا).

٩- پارەدارکردنی پرۆژە/ بینا، بە یەکەم پارەدان وەکوو پێشەکی بە بڕی١٠٪ بەرامبەر بە گەرەنتیی بانکی بۆ پارەکە و ١٥٪ی تریش بەپێی پێشکەوتنی کارەکە بەپێی قۆناغی پێشکەوتنی کارەکە بەپێی ئەو قۆناغانەی لەسەری ڕێککەوتوون.

## تێچوونەکانی ژێرخان

پڕۆژەکە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ بنیاتنانی ژێرخان دەکات:

١- ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر وردەکاریی هەموو پەرەپێدانەکان تایبەت بە ژێرخان دەدرێت کە لە ناوچەکانی دەوروبەر و ناوچەی پەرەپێدراوی پەیوەندیدار هەیە.

٢- سەبارەت بە ژێرخانی سنووری گەشەپێدانەکە، هەر وەبەرهێنەرێک یان گەشەپێدەرێک پێویستە ژێرخانی لەو شێوەیە دروست بکات، کە بەهاکەی لە نرخی فرۆشتنی یەکەکاندا بە شێوەیەکی ڕێژەیی جێگیر دەکرێت.

٣- بە مەبەستی خودی پەرەپێدانەکە، پێشبینی دەکرێت لە سنووری ژێرخانەکەدا ڕێگەوباو و ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و هێڵەکانی پەیوەندی بگرێتەوە.

## بەرنامەی ڕەهنی خانووبەرە

بەرنامەکە ئاسانکاری و ڕێکخستنی دارایی بۆ پرۆسەی ڕەهن کردن دەگرێتەوە، لە کۆمەڵێک بانکی عێراقی وەکوو (بانکی عێراقی بۆ بازرگانی، ڕافیدەین، رەشید)، بەرنامەی رەهنی خانووبەرەش بە فراوانی ئەو مەرجانە دەگرێتەوە:

١- ئەو ڕەهنەی پێشکەشی کڕیاران کراوە، دەشێت هەمواربکرێتەوە. دەستە کاردەکات بۆ فەراهەمکردنی پارەدارکردنی نیشتەجێکردن کە لەگەڵ بنەمای شەریعەتی ئیسلام بگونجێت.

٢- بانکەکان کۆمەڵێک پێوەری دەستەبەریی گونجاو دادەنێن و سیستەمی چاودێریکردن بۆ ڕەهنەکان بەکاردەهێنن. بانکەکان دەستەبەری بەشێوەیەکی لەپێشینەی مافی ئیمتیاز لەسەر ناونیشانی هەر یەکەیەک بەدەستدێنن، بەوپێیەی لایەنی ئیداریی گرووپەکەیە.

٣- بەرنامەکە ئامانجییەتی کە سیولەیەکی زۆری بەردەست بەکاربهێنێت لە کەرتی بانکیی عێراقیدا، هەروەک چۆن ئامانجییەتی سوود لە سەرچاوەکانی دیکەی سیولە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق ببینێت.

## بەرنامەی چاککردنەوە (صیانە)

گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتەکانی چاککردنەوە لەو ناوچە هاوبەشانە دەکرێت، ئەو کۆمپانیایانەش کرێی مانگانە لەبەرانبەر ئیدارەدان و چاککردن لە خاوەنی یەکەکانی نیشتەجێبوون وەردەگرن.

## هاندەری وەبەرهێنەران/ گەشەپێدەران و پرسی دیکە

ئەم بەرنامەیە چەند خاسیەتێکی سەرباری دیکەی تێدایە:

١- لە دۆخی تایبەتدا، دەستە هەڵدەستێت بە فەراهەمکردنی هەلی یەکەی نیشتەجێبوون و بینای زیاتر بۆ پەرەپێدانی پێشنیارکراو، هەروەها بۆ مەبەستی زیادکردنی داهاتەکانی وەبەرهێن/ گەشەپێدەر دەستە پێشنیار دەکات هەندێک یەکەی بازرگانی دروستبکرێن، بەڵام مۆڵەتەکەی پەیوەستە بەو مەرجەی کە دەبێت کۆمەڵە یەکەیەکی نیشتەجێبوونی دیاریکراو تەواو بکات. ئەو پرۆژە بازرگانییانە لە یەکەکانی نیشتەجێبوون کورت ناکرێنەوە کە نرخی بەئامانجگیراوی فرۆشتن هەڵناگرن، بەڵکوو وەکوو ناوەندەکانی فرۆشتن و ناوەندەکانی بازاڕ و هۆتێل و ڕووبەرەکانی نووسینگەش دەگرنەوە. پێشوازی لە هاتنەژوورەوەی گەشەپێدەران لەبارەی جۆرەها پرۆژەی بازرگانی دەکرێت و لەسەر چۆنییەتی بونیاتنانی پەرەپێدان وەکو بەشێک لە وەڵامدانەوەی وەبەرهێن/ گەشەپێدەر بۆ ئەم ڕاگەیاندنە سەیر دەکرێت.

٢- دەستە پێیوایە هەر پەرەپێدانێک پێویستییەکان لەلایەن گەشەپێدەران و وەبەرهێنەرانەوە دەستەبەر دەکات، بۆ بونیاتنانی خزمەتگوزاریی گشتیی دیاریکراو وەکوو قوتابخانە و نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییە هاوشێوەکانی دیکە.

٣- لەژێر ڕۆشنایی کەمیی نیشتەجێبوون لە عێراقدا، دەستە پێشینەیی بەو گەشەپێدەرانە دەدات کە ویستیانە پڕۆژە پێشنیارکراوەکانیان بە بەکارهێنانی نوێترین تەکنیک بەکاربهێنن. بەو هۆیەوە پێشبینیکراوە کە بیناکان بەشێوەیەکی کاراتر و تێچوون و کاتی کەمتر تەواو بکرێن، لەجیاتی ئەو بیناسازییە کۆنەی کە لە عێراقدا بەکارهاتووە. پێویستیشە گەشەپێدەران ئەوەیان لەبیر بێت کە دەستە پێداچوونەوە بە تەکەنیکە نوێیەکاندا دەکات، بۆ زیانەگەیاندن بە کوالیتی و هاوتایی کەرەستە و نەخشەسازییەکان لەگەڵ پێویستییە بنەڕەتییەکان و پێویستییەکانی بازاڕدا.

## ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە هەر پارێزگایەک

زانیاریی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون پشتی بە زانیارییە بەردەستەکانی وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی گەشەپێدان لە هەر پارێزگایەک بەستووە کە لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| پارێزگا/ هەرێم | ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بە هەزار |
|---|---|
| ئەنبار | ٤٥ |
| بابل | ٥٤ |
| بەغدا | ٣٢٤ |
| بەسرا | ٨٠ |
| دیوانیە | ٣٥ |
| دیالە | ٤٣ |
| کەربەلای پیرۆز | ١٣ |
| کەرکوک | ٤٠ |
| هەرێمی کوردستان | ١٤٠ |
| میسان | ٣١ |
| موسەنا | ٢٢ |
| نەجەفی پیرۆز | ٣٧ |
| نەینەوا | ١٠١ |
| سەڵاحەدین | ٣٩ |
| زیقار | ٥٨ |
| واست | ٣٦ |
| **کۆی گشتی** | **٩٩٨** |

# هەلی بەردەستی وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێکردندا

| پارێزگا | زەویی تەرخانکراو بۆ پرۆژە | شوێن | ناوی پرۆژە | ژ |
|---|---|---|---|---|
| بەغدا | - | ڕسافە، حەبیبیە | کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ کۆمپانیای دۆزینەوەی نەوت (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 1 |
| بەغدا | - | رسافە/ سەعالە | کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ کۆمپانیای نەوتی وەست (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 2 |
| بەغدا | - | بەغدا | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ کۆمپانیای بەبازارکردنی نەوت (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 3 |
| بەغدا | دۆنم 400 | وێستگەی ڕۆژهەڵاتی بەغدا | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ستوونی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 4 |
| بەغدا | دۆنم 379 | کەرخ/ حەی سەلام: وەبەرهێنانی کەرتی ژمارە 4/153/21 | کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ستوونی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 5 |
| بەغدا | دۆنم 3 | رسافە/ وەزیریە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 6 |
| بەغدا | دۆنم 5 | کەرخ/ داودی | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 7 |
| بابل | ٥٨ دونم | م13/467/66 حوسێنییە | کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ستوونی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 8 |
| بابل | دۆنم 89 | حوسێنییە/ کفل/ 66/467/13 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون 20% ئاسۆیی، 80% ستوونی | 9 |
| بابل | دۆنم 22 | م38/فەیازیە/ ناحیە/11/14/ ئەلقاسم | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ستوونی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 10 |
| بابل | دۆنم 26 | م9/ یوسفیە/1/1.2854/2855 ناحیە ئەبی غەرق | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 11 |
| بابل | دۆنم 7 | م11/ ناوەندی شار24/14420 | دروستکردتی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی فەرمانبەران | 12 |
| دیالە | دۆنم 250 | بەعقوبە 53/1243 م 24 نەهر شێخ | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 13 |
| دیالە | دۆنم 62 | خانەقین/ حاجی قەرە 8م 5427.6 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 14 |
| دیالە | دۆنم 40 | خانەقین6/5422 م8" حاجی قەرە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 15 |
| دیالە | دۆنم 150 | قەزانیە 10/71 م22 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 16 |
| دیالە | دۆنم 147 | مەندەلی2/50م 17 ئیمام عەبدولرەحمان | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 17 |
| دیالە | دۆنم 145 | خاڵس 1/5661 م 47 جەدیدە ئەغوات | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 18 |
| سەڵاحەدین | دۆنم 60 | تکریت/ باشووری شار | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 19 |
| سەڵاحەدین | دۆنم 35 | بێجی/ وێستگە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 20 |
| سەڵاحەدین | - | سامەرا/ ناوەندی شار | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 21 |
| سەڵاحەدین | - | تۆز/ ناوەندی شار | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 22 |
| سەڵاحەدین | دۆنم 40 | بەلەد/ ناوەندی شار | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 23 |
| واست | دۆنم 4056 | کوت/ ناوەندی شار/ دوجێلی ڕۆژئاوا | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 24 |
| واست | دۆنم 51 | قەزای حەی/ ناحیەی مۆفەقییە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 25 |
| نەینەوا | دۆنم1100 | کەرتی ژمارە 16م/1/1348 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 26 |
| نەینەوا | دۆنم 222 | قەزای شنگال 143 و کەرتی 150-152 و لە 162-154 م2 باکوری شنگال | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 27 |
| نەینەوا | دۆنم 484 | بەشی کەرتی 1/28/م57 قەحتانیە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 28 |
| نەینەوا | دۆنم 134 | بەشی کەرتی 375/1/م51 محەلەبیە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 29 |
| نەینەوا | دۆنم 6 | ناحیە رەبیعە کەرتی 5/2093/م66 ئەلسەعدە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 30 |
| نەینەوا | دۆنم 132 | دورگەی باکووری تەلەعفەر 65م 727/4 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 31 |
| نەینەوا | دۆنم130 | عەزبە م194/1 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 32 |
| نەینەوا | دۆنم 13 | ناوەندی تەلەعفەر | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 33 |
| ئەنبار | دۆنم 387 | فەلوجە-عامریە- لە سنووری شارەوانیی عامریە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 34 |
| ئەنبار | دۆنم108 | ئەنبار-قەزای راوە-ناوە سنووری شارەوانی لە چوارچێوەی فراوانکردنی نوێی قەزا | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 35 |
| ئەنبار | دۆنم 102 | ئەنبار-حەدیسە-بەنداوی حەدیسە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 36 |
| ئەنبار | دۆنم 16000 | ئەنبار-حەبانیە لەسەر کەناری دەریاچەی حەبانیە | شاری حەبانییەی نوێ (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 37 |
| ئەنبار | دۆنم336 | ناوچەی سەڵاحەدین/ دەواجین | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی سەڵاحەدین (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 38 |
| ئەنبار | دۆنم62 | قەزای فەلوجە/ کەرتی 2/5353 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە فەلوجە (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێن) | 39 |
| ئەنبار | دۆنم 80 | حەسوەر/ شامیە28706/83/م47 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران | 40 |

| پارێزگا | زەویی تەرخانکراو بۆ پرۆژە | شوێن | ناوی پرۆژە | ژ |
|---|---|---|---|---|
| بەسرا | 78 دۆنم | هارسە-پشت هێڵی شەمەندەفەر 4/11م 32 بەسرا-بەغدا پشت ناوچە بە پێنج میل | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 41 |
| بەسرە | دۆنم81 | بەشێک لە کەرتی 1/55 باکوری سەفوان/ قەزای زوبێر-ناحیەی سەفوانی باکور | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 42 |
| بەسرا | 648 دۆنم | بەشی کەرتی 10م 28 بیبیان | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 43 |
| بەسرا | 10000 دۆنم | قەزای شەتولعەرەب/ بیبیان | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە شەتلعەرەب (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 44 |
| بەسرا | 50 دۆنم | کەرتی6142/1م/قەزای ئەبو خەسیب | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 45 |
| بەسرا | 590 دۆنم | 63 دیر 10/399/ قەزای قورنە-دیر | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 46 |
| بەسرا | 2303دۆنم | قەزای زوبێر/ کەرتی52/ شەعیبیە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ کۆمپانیای پاڵاوتگەکانی باشوور (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 47 |
| بەسرا | 2943دۆنم | قەزای زوبێر/ مویلەحاتی باشوور | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە سەفوان (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 48 |
| بەسرا | 199دۆنم | قەزای زوبێر/ ناحیەی سەفوانی باکور | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە شارەوانیی سەفوان (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 49 |
| بەسرا | - | ناحیەی تەنومە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ کۆمپانیای نەوتی باشوور (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 50 |
| بەسرا | - | قەزای فاو | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ کۆمپانیای نەوتی باشوور (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 51 |
| میسان | دۆنم79 | ناوەندی قەزای مەجری گەورە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 52 |
| میسان | دۆنم79 | قەزای مەیمونە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 53 |
| میسان | 32 دۆنم | قەزای مەیمونە/ ناحیەی عەدل | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 54 |
| میسان | دۆنم50 | قەزای مەیمونە/ ناحیەی سەید ئەحمەد رەفاعی | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 55 |
| میسان | 52 دۆنم | قەزای قەڵای ساڵح | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 56 |
| میسان | 38 دۆنم | قەزای مەیمونە/ ناحیەی سەلام | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 57 |
| میسان | 16 دۆنم | ناحیەی عەزیر | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 58 |
| میسان | 38 دۆنم | قەزای عەلی شەرقی | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 59 |
| میسان | 45 دۆنم | قەزای کەحلا | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 60 |
| میسان | - | ناوەندی شاری عەمارە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی (ڕاگەیەنراو لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن)) | 61 |
| میسان | دۆنم9 | ناوەندی شار/10/1368/م5 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران | 62 |
| دیوانیە | دۆنم30 | 22/11373/22/11374/22/11372 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 63 |
| دیوانیە | دۆنم211 | کەرتی ئەلبو ساڵح/50/3 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 64 |
| دیوانیە | دۆنم900 | فەوار/1/10/24 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران لەسەر شێوەی ئاسۆیی و ستوونی | 65 |
| زیقار | - | شاری ناسریە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی بۆ کۆمپانیای نەوتی باشوور (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 66 |
| زیقار | دۆنم150 | ناحیەی مستەفاوا | دروستکردنی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 67 |
| زیقار | 150 دۆنم | ڕێگەی کوت-ناسریەی ڕۆژهەڵات/ قەزای رەفاعی | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 68 |
| زیقار | دۆنم11 | ناوەندی شار/ دەستەی کێڵگە نەوتییەکانی زیقار | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 69 |
| زیقار | دۆنم100 | شاری ناسریە | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 70 |
| زیقار | - | شاری ناسریە | کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (محال لەلایەن وەزارەتی نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە) (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 71 |
| زیقار | دۆنم3 | ناوەندی شار/ دەستەی دەستپاکی | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 72 |
| موسەنا | دۆنم25 | ئەبو مەحار سەماوە/23/24/م6 | دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (بەپێی خەملاندنی جەدوای ئابووریی وەبەرهێنن) | 73 |

## سێیەم: پێدانی قەرزی نیشەجێکردن

بە ئامانجی سووککردنی کاریگەرییەکانی قەیرانی نیشتەجێکردن کە وڵات پێیدا تێدەپەڕێت، بانکی ناوەندیی عێراق بڕیاری بەردەوامیدان بە دەستپێشخەری بۆ پشتیوانیکردنی نەختینە (سیولە)ی کەرتی نیشتەجێکردن داوە (سندووقی نیشتەجێکردن و بانکی خانووبەرە)، بۆ پێدانی قەرز بە هاونیشتمانییان و فەرمانبەرانی خوازیار بە کڕینی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە هەموو عێراقدا.

دەریچەکانی پێشکەشکردنی ئەو قەرزانەش بۆ دوو جۆر دابەش دەبن:

**یەکەم**: قەرزەکانی سندوقی نیشتەجێکردن کە بڕەکەی دەگاتە (٧٥) کلیۆن دینار بۆ دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بە ڕووبەریک کە لە (١٠٠) مەتر چوارگۆشە کەمتر نەبن، یان زیادکردنی بینا لە بەغدا و ناوەندی پارێزگاکان. وە قەرزەکان بە بڕی (٦٠) ملیۆن دینار قەزاکانی پایتەخت (بەغدا) و (٥٠) ملیۆن دینار لە دەرەوەی ناوەندەکانی پارێزگاکانی دیکە. وە قەرز بە بڕی (٧٥) ملیۆن دینار بۆ کڕینی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە کۆمەڵگە وەبەرهێنییەکانی نیشتەجێبوون کە لە سندووقەوە ڕەزامەندی پارەدارکردن (تمویل)ی وەرگرتووە، قەرزەکەش بەبێ سوود دەبێت جگە لە دراوی ئیداری بۆ یەک جار بە ڕێژەی (٥٪) لە نرخی قەرز و دانەوەی بۆ ماوەیەک کە لە (٣٠)ساڵ زیاتر نەبێت، بۆ ئاسانکاری بڕی قیستی مانگانە.

**دووەم**: قەرزەکانی بانکی خانووبەرە بە بڕی (١٠٠) ملیۆن دینار بۆ کڕینی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە دەرەوەی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون بە ڕووبەرێک کە لە (١٠٠) مەتر چوارگۆشە کەمتر نەبێت، ئەو قەرزانەش بە سوودی ساڵانەی کەمکراوە (متناقص) بە ڕێژەی (٤٪) لە نرخی قەرز و بە ماوەیەک دەدرێتەوە کە لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.





وە قەرزەکان بە بڕی (١٢٥) ملیۆن دینار بۆ کڕینی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون، بەبێ سوو دەبن، کە بۆ یەک جار دراوی کارگێری بە ڕێژەی (٥٪) لە نرخی قەرزەکە دەبڕێت و لە ماوەیەکدا دەدرێتەوە کە لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.

ئەو کۆمەڵگانەی کە دەشێت هەموو هاووڵاتییان لە میانی پێشکەشکردن بۆ بانکی خانووبەرە بەبێ سوود لە ئەیلوولی **٢٠٢١** خانوویان تێدا بکڕن

**یەکەم: بەغدا**

-١ کۆمەڵگەی سیتی
-٢ کۆمەڵگەی ئەبراج عەتیفیە
-٣ کۆمەڵگەی حەیفا
-٤ کۆمەڵگەی بەغدا ریزدنسز
-٥ کۆمەڵگەی جوەهەرە موحیت
-٦ کۆمەڵگەی دەرگای عێراق
-٧ کۆمەڵگەی گەڕەکی ئاشتی
-٨ کۆمەڵگەی بدور بەغدا
-٩ کۆمەڵگەی شاری کازمیە
-١٠ کۆمەڵگەی ئەیادی عەدل
-١١ کۆمەڵگەی حەزیر و ئاران
-١٢ کۆمەڵگەی زهور
-١٣ کۆمەڵگەی ریحان

**دووەم: بەسرا**

-١ کۆمەڵگەی ئەمەل٢
-٢ کۆمەڵگەی نەرگس

**سێیەم: کەربەلا**

-١ کۆمەڵگەی ئەملاک
-٢ کۆمەڵگەی درە کەربەلا
-٣ کۆمەڵگەی غەدیر کەربەلا
-٤ کۆمەڵگەی فیردەوس

**چوارەم : دیالە**

-٦ کۆمەڵگەی مەکی
-٧ کۆمەڵگەی وەند

**پێنجەم: زیقار**

-١ کۆمەڵگەی دەرگای ناسریە
-٢ کۆمەڵگەی ئاشتی
-٣ کۆمەڵگەی فەرمانگەی خانەنشینی و فەرمانبەرانی فەرمانگەی خەزێنەی زیقار
-٤ کۆمەڵگەی پشکنەرانی شارەوانییەکان

### شەشەم: نەجەف

١- کۆمەڵگەی غەدیر؟
٢- کۆمەڵگەی ئەمیرات
٣- کۆمەڵگەی سوڵتان
٤- کۆمەڵگەی عیمار سوکەر
٥- کۆمەڵگەی ئەبی توراب
٦- کۆمەڵگەی قاسم

### حەوتەم: سەڵاحەدین

١- کۆمەڵگەی بەهەشتی تکریت
٢- کۆمەڵگەی سەماوە
٣- کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی بەیادر

### هەشتەم: بابل

١- کۆمەڵگەی کەوسەر
٢- کۆمەڵگەی ئاشوور
٣- کۆمەڵگەی خاکی بابل
٤- کۆمەڵگەی ئاشتی

### نۆیەم: واست

١- کۆمەڵگەی گەڕەکی زانکۆ





نرخەکانی هەندێک کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە بەغدا بەپێی مەتر چوارگۆشە (لە فەیسبووکەوە)

| ناوەندی نرخ بە مەتر چوارگۆشە | کۆمەڵگە |
|---|---|
| ٦٦٠ | شاری بەسمایەی نوێ کە لە 100،000 یەکەی نیشتەجێبوون پێکهاتووە و دابەشکراوە بەسەر 8 گەڕەکی گەورە |
| ١٥٠٠ | کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئەیادی نزیک کارگەی بسکولاتە و 37 بینای نیشتەجێبوونە کە 11 قاتە |
| ١١٦٨ | شاری نیشتەجێبوونی یەمامە لە گەڕەکی عەدل کە لە 1200 شوقە پێکدێت |
| ١٠٠٠ | کۆمەڵگەی گوڵان لە بەغدا، لەسەر ڕێگەی محەمەد قاسم، لە 122 بینای نیشتەجێبوون و لە 11 قات پێکدێت |
| ١٣٠٠ | کۆمەڵگەی دیجلە دریم سیتی لە ناوچەی کازمییە |
| ١١٦٠ | تاوەرەکانی نیشتەجێبوونی حەیفا |
| ١٦٥٠ | (کۆمەڵگەی دەروازەی عێراق (بەرانبەر زەورا |
| ٢٠٠٠ | (کۆمەڵگەی بەغدای ریزیدنسز (ناوچەی سەوز |
| ١٦٠٠ | کۆمەڵگەی تاوەرەکانی خورما ناوقەدی شەقامی فرۆکەخانەی موسەنا |
| ١٢٠٠ | کۆمەڵگەی تاوەرەکانی نەسیم سیتی |
| ١٤٢٥ | کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی بەدور بەغدا-بیوت |
| ٩٥٠ | (کۆمەڵگەی شناشیل بەغدا (بیوت |
| ٩٢٠ | کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی وافی نزیک هاتوچۆی تاجیات |

# پەرەپێدانی خانووبەرە لە عێراقدا:
## ئاستەنگ و هەلەکانی وەبەرهێنان



EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

بوابة الشرق
للابحاث الاقتصادية
ودراسات السوق



www.egciraq.org
@egciraq
+964 771 878 5050
info@egciraq.org